www.kurdistannet.org
27-10-2006 8:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕۆشنبیرو پەروەردە ... بارزان شوان



خواست وکۆڵنەدان و گەڕانی ڕۆشنبیران بە دوای زانست و زانیارە تازەکانی جیهانی ئەوڕۆمان بە یەکێک لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی دەژمێردرێت، ڕۆشنبیرانی تێگەیشتو هەردەم هەوڵ دەدەن کە بە تێرو تەسەلەیی خەمخۆری خواستە مرۆڤایەتیەکان بن... هەر ڕۆشنبیریە فێرمان دەکات چۆن جل وبەرگ بپۆشین؟ چۆن نان بخۆین؟ کێ وەک هاوسەر هەڵبژێرین؟ وە هەروەها هەر ڕۆشنبیریشە تێمان دەگەیەنێت چلۆن ژیانێک بۆ خۆمان هەڵبژێرین وە ئەو جۆرە ژیانەش بێگومان بۆ هەر یەکێک لە ئێمەمانان جۆرە سنوورێکی دیاریکراوی بۆ کێشراوە. زۆر خویایە کە ڕۆشنبیرێکی خاوەن بیروباوەڕێکی زیندوو دەبێت هەڵگری خووڕەوشتێکی تایبەت بێت کە ئەویش بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی نوێتر دەگوێزرێتەوە.

مانەوەی ئەو داب و نەریتە نەتەوایەتیە هێندە گرنگە کە هەر میللەتێک بەو نەریتانەوە دەناسرێنەوە و تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان هەر بەو داوە بە تینەوە دەبەستێتەوە، بە بێ بوونی گواستنەوەی ئەو نەریتانەش کۆمەڵگا بەرەو نەمان دەچێت. ڕۆشنبیری دەتوانرێت وەربگیرێت و فێریش بکرێت، لە سەر کۆمەڵگاو خێزان پێویستە کە بە بەردەوامی ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە پەیوەندیان بە خودی داب و نەریتەوە هەیە بە شێوەیەکی ڕێک و ڕەوان و بە گفتوگۆیەکی درووست ڕاستەوخۆ دەبێت بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگادا بڵاوبکرێتەوە، بە شێوەیەکی ویراسی زگماکی لە نەوەیەکەوە بۆ ئەوی دی دەگوێزرێتەوە، بەم شێوەیە گرنگی و بایەخدان بە ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیران لە نێو پێداویستیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگادا هەڵدەقوڵێت، بەو بۆنەیەوە ئەو مرۆڤە تاکە دەتوانێت لەو کۆمەڵگایەی تیایدا پەروەردە دەکرێت خۆی بگونجێنێت و خۆی لە سەر بنەما گشتیەکاندا ڕابهێنێت، وە هەروەها بە پێچەوانەوەی ئەو گوتانەی سەرەوەش کە کردمان هەر ڕاستن چونکە کۆمەڵگا بە گشتی پێویستی بە خۆڵقاندنی کەشێکی زانستیە کە بە ڕکێفیەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی فێری ڕۆشنبیریە گشتیەکان بکات، ئەویش هەر بۆ ئەوەی بە یارمەتی ئەوتێگەیشتنە بتوانێت تاکەکانی کۆمەڵگا پێکڕا ببن بە تەواوکەری یەکتر، بەو شێوەیە ژیانێکی بەختەوەر بەیەکەوە بە سەر دەبەن و کاردانەوەکەشیان لە پاشەڕۆژدا دەبنە ڕاخستنی فەرشێکی نەرم بۆ نەوەکانیان کە هەرگیز مۆرانە نەتوانێت زەفەریان بۆ بەرێت.

جیاوازی نێوان ڕۆشنبیر و پەروەردە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری بریتیە لە زانیاری و زانست بەڵام پەروەردە وەک ئامرازێک وایە... کەواتە بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە ڕاستگۆیی بریتە لە جۆرە ڕۆشنبیریەک کە بە هۆی فێرکردن و خوێندنەوەوە سەرپەرشتیەوە فێرکراوە، بەڵام بەرنامە دارێژراوەکەی ئەو فێرکردنە و بەکارهێنانی تەنها بە توانایەکی چاک و بە تێگەشتنێکی بنەڕەتی ڕۆشنبیرانە دێنە بەرهەم. ڕۆشنبیری دەرگاو پەنجەرەی ڕووناکی دەکاتەوە، بە پێچەوانەوەش ئەگەر مراز هەبێت بە هەمان ڕێنمای فێرکردن دەتوانرێت بە درووستی بڵاوبکرێتەوە.

ڕۆشنبیری و پەروەردە لە یەک هاوکێشەدا یەکتری دەگرنەوەو تەواوکەری هەڤدین... کاتێک کە ڕۆشنبیری بریتی بێت لە ڕاگواستنەوەی زانست... وە هەر لەبەر ئەوەی کە تاکەکانی سەر بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بە لقێکی دانەبڕاو لە نێوان ئەندامانی سەر بە یەک نەتەوە دەژمێردرێت، ئەو کاتە بێگومان هەستی ڕۆشنبیری کار لەسەرهەر هەموویان دەکات و کاریگەریش دەبێت لەسەر

بۆچونەکانیان، بەو بۆنەیەوە دەتوانین بڵێین کە پەروەردە بریتیە لە هەڵبژاردنی جۆرە ئامێرێکی رێک و ڕەوان بۆ گواستنەوەی ڕۆشنبیری لە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگایەکدا.. جا هەر بۆ ئەوەی کە تاکەکانی سەر بە کۆمەڵێک هەست بکات کە بەخۆی ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵگاکەیەوە بەستراوەتەوەو تێرخواردەی مانا بەرزەکانی سەر بە تێکەڵبوونی کۆمەڵگاکەی بێت، ئەو کاتە لە سەر دەزگا سەر بە پەروەردەکان پێویستە کە بە شێوازێکی زانستیانە چۆنێتی باوەڕی ولکاندنی تاکەکانی سەر بە کۆمەڵگایەک بە بنەما ڕەسەنەکانی کولتوری سەر بە میللەتەکەیەوە ببەستێتەوە، ئەو جۆرە شێوازی فێرکردنەش نابێت بە زۆردی بە سەر هاولاتیاندا بچەسپێندرێت بەڵکو دەبێت پلانێکی زانستیانەی بۆ ئامادە کرابێت، جگە لەوەش دەبێت ڕۆژانە بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەرامانە ڕاستەوخۆ لە گشت بوارەکانی ژیاندا پراکتیزە بکرێن.

ئەگەر بێت و ئاوەڕێک لەو پێشکەوتنە تەکنیکیانە و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریە گشتیەکان لە نێوان کۆمەڵگا جوداکاندا بدەینەوە، یەکسەرە دەبینین کە چلۆن ئەو زانستیە بنەڕەتیانە کاردانەوەکانیان لە سەر کۆمەڵگاکاندا بە پێچەوانەی یەکتر لە نێو ئادەمیزاداندا بڵاوبونەتەوە، لە هەمان کاتدا دەبینین کە بە بۆنەی کورت بوونەوەی ڕێگاوبان و زۆری هاتووچۆو ئامێرە تەکنیکیو ئینتەرنێتەوە، ئەو دیوارە بڵندە دروست کراوانەو ئەو سنوورە دەستکراوانە کە لە نێو کۆمەڵگا جوداکاندا سەریان هەڵداوە ئەوڕۆ بە چەکی زانست شکێندراون، ئەوڕۆ لە گشت جیهاندا بە دەگمەن ناوچەیەک ڕەچاو دەکرێت کە دوور بێت لە پێزانینی پێشهاتنی ڕوداوەکان، هەر بەو شێوەیە مرۆڤ زۆر بە ئاسانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوێزێتەوەو تێکەڵبوونیان بە ڕۆشنبیریە جوداکانی نێو میللەتانی جیهان هەر ڕۆژە لە پەرەسەندندایە، بەو بۆنەیەوە مرۆڤ دووچاری فێربوونی بیروباوەڕو ڕۆشنبیری نوێ دەبێت، پێکهاتنی ئەم بیروباوەڕە نوێیانە لە گشت میانەکانی ژیانەوە پەلاماری بیرە چەوتەکانی کۆنەپەرستان دەداتەوە... خۆ زۆر جار مرۆڤ بەخۆی پێویستی بە ڕاگواستنەوەش هەر ناکات، بەڵکو بە بۆنەی بوونی ساتەلایت و دامو دەزگا بڵاوکراوەکانەوە ڕۆژانە ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی ژیانێکی مۆدێرنتر بەر گوێ و بیستی کۆمەڵگا جوداکان دەبێتەوە، بەم شێوەیە ئەوڕۆ ناتوانین بڵێین کە مرۆڤ وتاکەکانی سەر بە کۆمەڵێک تەنها بە سرووشتە تەسکەکەی خۆیەوە بەستراوەتەوە، بەڵکو گشتمان بە سرووشتی گشت جیهانەوە بەستراوینەتەوە... ئەم ڕەوتە تەنها بە سروشتی مرۆڤەوە نەبەستراوەتەوە بەڵکو بە چوارچێوەی ناوخۆی مرۆڤەوە تەنگ بۆتەوەو چۆتە ناخی بیرو هۆشی خودی مرۆڤەوە، ئەوڕۆ بۆ هەمووومان دیارە کەی قۆناغی جێگیر بوون و نیشتەجێبوون دەستی پێکردوە، ، ئەوڕۆ دەبینین کۆمەڵگا جوداکان ئەو قۆناغە جێگیربوونەی هەزارەی پێشووی تێپەڕاندوە کە پابەند بوە بە هەندێک بە دابو نەرتیت و باوەڕی کۆنەوە، تایبەتمەندیەکانی بریتی بوون لە بوونی خۆی و کولتوورو ڕابوردوو و داهاتوەیەوە، دەتوانین بڵێین کە پێشبینی کردنی تێکەڵبوونی دابونەریت و کولتورە جوداکانی سەر بە کۆمەڵگا جوداکانی جیهان وەک تۆڕێک تێکەڵ بە یەک بوون، ئەم تێکەڵ بوونە وا لە نەوە نوێیەکانمان دەکات کە پێویستی بە نرخاندنی هەستە نەتەوایەتیەکان نەکات و هەردەم ئامادەباش دەبن بۆ گۆڕینە بنەڕەتیەکان کە تایبەتمەندن بە کۆمەڵگایەکی سەربەخۆوە. ئەم پێشکەوتن و تێکەڵبوونە کە زۆر بە خێرایی ڕی دەکات بێگومان لە پاشەڕۆژدا لەسەر چۆنێتی بەسەربردنی ژیانمانەوە ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبێت... پەروەردە بریتیە لە ئامادەکردنی نەوە تازەکان بۆ خۆ تێکەڵکردنیان لە نێو کۆمەڵگایەکی تێگەیشتودا، ئەو کۆمەڵگایەی کە هەمیشە دابونەریتەکانی لە گۆڕانکاریدایە بێگومان کاریگرە لە سەر مانەوەی کۆمەڵگاکەی و خۆ ڕاهاتنە ڕووبەرووی گشت داهاتە نەزانراوەکان. ئەو نەوە تازەیەی ئەوڕۆمان پێویستی زیاتری بە خۆ فێرکردنی زانست وڕۆشنبیری هەیە وەک لەوەی بیرکاتەوە لە ڕاکردن خۆشاردنەوە بەرامبەر بە ڕووداوە تراژیدیەکانی ئەورۆیانەوە، دەبێت کۆمەڵێک هەبێت بە ڕاستی

دەستی لاوان بگرێت و هاندەریان بێت بۆ مانەوەیان لە نێو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا، دەبێت دەزگایەک درووست بکرێت کە لاوان بە خۆیان بتوانن هەڵیسوڕێنن، نەوەک یەکێکی بەتەمەنچو و نێزدیک لە دەسەڵاتەکانەوە دابنرێت کە لە بری لاوان قسەو پێشنیار دابین بکات، ، ئەو ئادەمیزادەی کە هەمیشە خۆی ڕادەهێنێت و بەردەوام خۆی فێری تامەزرۆی ڕۆشنبیری نوێ دەکات و خۆی لە گەڵ جۆگەی فێربوونەوە بەڕێ دەکات، بێگومان لە ژیانیدا سەرکەوتوو دەبێت، جا تا ئەو کاتەی لاوێک لە نێو کۆمەڵگایەکدا قەبوڵ دەکرێت هەرگیز خۆی لە نێو گۆماوی نەزانیدا بزرو وون نەکات... کەواتە دەبێت پەیوەندیمان لە گەڵ ئەنجام و پێشهاتی پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەکاندا توند بکەین، خۆمان لە گەڵ ئەو هەموو گۆرانکاریانەی کە ڕۆژانە بەسەرماندا تێدەپەڕن ڕابێنین، ڕۆژانە بە بێ ئەوەی کە هەستە نەتەوایەتیەکانمان خۆی لە گۆماوی تێکەڵبوونی کولتورە جوداکاندا وەندە بکات، ئەوەی باشە بۆخۆمانی بقۆزینەوەو ئەوەشی خەراپە دوورەپەرێز بین و تێکەڵ بەو نەریتانە نەبین کە کار بکاتە سەر دەروونمان و هەمیشە خۆمان وەدوورخەینەوە لە هەندێک ڕەوشتی خراپی چەند مرۆڤێک کە دەزانین بەرەو نەمانمان دەبات... لێرەدا نۆرەی پەروەردە دێت و خۆی دەسەڵمێنێت، ، کەواتە ئەرکە سەرەکیەکەی پەروەردە ئەوەیە کە نەوەیەک ئامادە بکات توانای خۆ ڕاگرتنی هەبێت و ڕووبەڕووی ڕەوشتە خراپەکان بێتەوەو ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی گۆڕانکاریە ئەرێتیەکانی نێو کۆمەڵگاوە، توانادارو لێهاتوو بێت کە بتوانێت داهێنەری چەسپاندنی گۆڕانکاریەکان بێت و لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتیشیان بکات، ، یەک لە سەکۆ سەر بە پەروەردەکانەوە ئەوەیە کە دەبێت ئاگاداری هەڵسوکەوت وڕەوشتی نەوەکانمان بین، وە هاندەریان بین بۆ داهێنان و هەمیشە دروستکەری بنەما نوێیەکان بین و فێری خۆڕاگرتن و ڕێز لێگرتنی یەکترو چاودێری بنەما دیموکراتیەکان بین، بایەخدان بە لێهاتوویی و توانای لاوان بۆ بەرهەم داهێنان بە یەکێک لە هەرە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگایەک دەژمێردرێت، ئەو کارە بنەڕەتیانەی کە کەوتۆتە سەر شانی دەزگاکانی سەر بە پەروەردەوە ئەوەیە کە هەردەم بابەت و زانستە نوێیەکان وەک وانەیەک لە خوێندنگاکاندا بخوێنرێت، پەیڕەو و پڕۆگرامێکی نوێ بۆ زانستگاکان دابڕێژرێن کە هەردەم لە گۆڕانکاریدا بێت. وە هەروەها بەرنامەی سارێژکراوی ڕێگە تازەکانی خوێندن و فێرکردن دامەزرێنرێت و مامۆستای ڕۆشنبیرو لێهاتوو بێنە گۆڕەپانی قوتابخانەکانەوە کە لە سەر بنەما دیموکراتیەکان پەروەردە کرابن.

بایەخدان بە کارە سەرەکیەکانی سەر پەروەردەو فێرکردن یاخود پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری و خۆ ڕاهێنان لە سەر و پراکتیزە کردنی دەرچوانی تازەی کۆلێژەکان و پێزانینی گرێ لکاوەکانی نێوانن ڕۆشنبیر و پەیوەندیان بە بازاڕە کراوەکانەوە دەبێت هەڵسەنگێنرێت، بەردەوام دەبێت تا ژیان ماوە خۆمان ڕابێنین بە خۆفێرکردن و خوێندن و شێوازی نوێی بڵاوبوونەوەی فێرکردنی مۆدێرن بۆ نەوەکانمان، پەروەردەو ڕۆشنبیری لە ماڵ دەست پێدەکات و لە کۆمەڵگا و پەیوەندی نێوان هەردووکیان کۆتایی دێت، ئەو کەسەی کە دەرچووی کۆلێژە ئەوە ناگرێتەوە کە ئیدی تەواو ئەو مرۆڤە بوە بە ڕۆشنبیر، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر مرۆڤێکی تێگەیشتو ڕۆژانە وەک خواردن پێویستی بە فێربوون و خوێندن هەیە.

سوید
25-10-2006
uvnbas@hotmail. com